# تیمی پشتیوانی مامۆستایانی مانگرتوی سلێمانی دێچنە هەولێر

تیمی پشتیوانی مامۆستایانی مانگرتوی سلێمانی ڕایانگەیاند، ڕۆژی یەکشەممە 9ی ئەیلول مانگە شاری هەولێر دەکەن بە پایتەختی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان و لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانەوە بە لێشاو ڕوی تێدەکەن، داوا لە مامۆستایان و فەرمانبەران و گشت موچە موچەخۆران دەکەن پشتیوانیان بکەن.

تیمی پشتیوانی مامۆستایانی مانگرتوی سلێمانی ئەمشەو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ژێر خەمەی مانگرتوان، ڕایگەیاند، "سەرباری 10 ساڵ لە خەباتی مەدەنی مامۆستایان لەوانە بایکۆت، بەیاننامە و ڕاگەیەندراو، هەڵمەتی هاشتاگ، خۆپیشاندان و خەمە هەڵدان و شەهیدبونی چەندین خۆپیشاندەر و سەردانیکردنی لایەنە پەیوەندیدەکارەکانی عێراق و نەتەوە یەکگرتوەکان و باڵیۆز و کونسوڵخانەکان و دواهەمین هەوڵ مانگرتنی کەمەك هاوڵمانە لە خواردن و خواردنەوە لە سلێمانی، بەڵام دەسەڵاتی خۆسەپێن و بێباك نەك نەهاتوەتە ژێر باری هیچ کام لە داواکاریەکان بەڵکو بەردەوام لە هەولێر ناشیرینکردنی کەسایەتی خۆپیشاندەرانداید".

ئاماژە بەوەشکراوە، دەسەڵات جگە لەوەی دەیان تەمەتی ناڕەوا ئاراستەی مامۆستایان دەکات هاوکات دەیانەوێت موچەی مانگی 12ی 2024 "بخەن" و خەیانی لێبدزنەوە، هاوکات "بەوپێیەی زەرینەی فشار و ناڕەزایەتیە کاریگەرە مژویی و جیهانییەکان ئەوانەبون کە لە پایتەختدا ئەنجامدراون بۆیە ڕۆژی یەکشەممە 9ی 2ی 2025 هەوڵەر دەکەین بە پایتەختی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان و لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانەوە بە لێشاو ڕوی تێدەکەن".

تیمی پشتیوانی مامۆستایانی مانگرتوی سلێمانی داوا لە موچەخۆرانی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکات کە بەشداری خۆپیشاندانەکە بکەن بە پشتیوانی کرداری لە مانگرتوانی "خەمەی شکە" کە 11 ڕۆژ لەبەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان لە سلێمانی مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرتوە.

لەوەڕامی پرسیارێکدا ئایا ئەگەر ڕێگریان لێکرا لەوەی بچنە هەوڵەر، چی دەکەن؟ تیمی پشتیوانی مامۆستایانی مانگرتوی سلێمانی دەڵێت، "لە هەر شوێنێکدا ڕێگریمان لێبکەن ئەو شەقامە دادەخەین و ڕێگەی هەوڵەر بە ناوچەکانی دیکە دەگرین".